وەڵامی چەند پرسیارێکی گرینگ دەربارەی زەکات

ZAKAT

نوسەر:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

نـــــاوی نامیلکە

وەڵامی چەند پرسیارێکی گرینگ دەربارەی زەکات

نوسەر:

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

الدولة الإسلامية

خلافة على منهاج النبوة

١٤٤٧ هـ

کـورتەیـەک لەسەر زەکــات :

زەکــات عیبادەتێـکە لە عیبادەتەکــان بریتیە لە مافێکی واجب لەماڵـێکی دیـاریکراودا و پێدانــی ئەوماڵــە بەکەسانێک کە لەقورئان وسـونەت دیاری کــراون.

حــوکمــی زەکـات :

زەکـات ڕوکنێـکە لەپێنج ڕووکنەکەی ئیســلام بەڵگەش لەسەر فەرز بـوون و واجب بوونی لەقورئان وسـوننەت وئیجماع ـدا هاتوە قـال الله تعالـی ﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ﴾[البقرة:٤٣] نوێژبــکەن و زەکـات دەربـکەن

وقـال تعالـی ﴿ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ﴾[التوبة:١١] ئـەگەر تەوبـەیان لـەشـیرک وکوفر کرد ونوێژیان کرد و زەکاتیـان یا ئەوا بـراتانن لــەدیـن.

لەفەرموودەش پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (بني الإسلام على خمس: شهادة أن لا إله لا الله وأن محمد رسول الله، و إقام الصلاة، وإيتاء الزكاة...)[متفق عليه]

ئیسلام لەسەر پێنج کۆڵەکە بونیاد نراوە شاهێدی دان بەلااله الاالله و محمد رسول الله و نوێژکردن و زەکات دان...

بەڵگەش لەئیجماع ابن هبيرة رحمه الله ئەفەرمووێت : (وأجمعوا على أن الزكاة أحد أركان الإسلام، وفرض من فروضه)[(الافصاح (1/195)]

یەکدەنگ وکۆڕان لەسەر ئەوەی زەکات یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام و فەرزێکە لەفەرزەکانی ئیسلام.

چین ئەوشتانەی زەکـاتی لەسەر واجبە ؟

١-زێڕ وزیــو و پارە نصـاب ـی زێڕ نصاب چیە ؟

(واتـا ئەو ڕێژەیەی کە ئەگەر خاوەنی بویت ماڵـەکەت گەیشتۆتە دەرکردنی زەکات)

—نصابی زێڕ (بەزێڕی عەیار 24 دیاری ئـەکرێ و پێویستە کێشــەکەی (وەزنەکەی) (85 گرام)بـێت

—نصـابی زیــوو بریتیە لە 595 گرام

—نصابی پارە (هەرکــات بڕی ئەوەندە پارەت هەبوو کە 85 گرام ئاڵتون ـی عەیار 24 بکڕیت ئەوا زەکاتت لەســەر واجـب ئەبێت یــان بڕی 595 گرام زیو بـکڕیت ئەوا زەکاتت لەسـەر واجبە لەو ڕێژە کەمتر لەسـەرت واجب نیە بــەڵام زانایان ـی سەردەم خیلافــیان هەیە بەهۆی ئەوەی لەمرۆدا نرخی زیو کەمترە لەبەرامــبەر نرخی ئاڵتون هەنێ لەزانایـان فەرموویـانە تەنها بەڕێژەی ئاڵتون ڕێژەی زەکات دیـاری ئەکرێت

هەنێکی تریش فەرموویانە دابەزینی نرخی زیو نابێت بەڕێگر لە پێوانەکردنی زەکات بەڕێژەی زیوو بۆیە فەرموویانە هەرکەس ئەوەندە پارەی هەبێت بتوانێ 595 گرام زیو بکرێت ئەوا ماڵەکەی گەشتۆتە سنوری زەکات و پێویستە زەکات دەربکات بەڵام لەو ڕێژە کەمتر لەسەری واجب نیە)

٢- کاڵای بازرگانی واتا ئەوشتانەی بۆکڕین وفرۆشتن وبازرگانی

٣- بەروبومی زەوی وەک (گەنم وجۆ وبرنج ...هتد)

٤- مەڕ ومالآت (وەک وشتر و بزن و مانگا ..هتد)

مەرجەکان ی زەکات

— موسڵمان بوون

— ئازاد بێت (واتا کۆیلە نەبێت)

— ماڵەکەی گەشتبێتە سنوری نصاب

— ساڵێک بەسەر ماڵەکەیدا ڕۆشتبێت

زەکـات بەکێ ئەدرێت ؟

وەڵام بەهەشت کەس ئەدرێت لەقورئان ڕوون کـراوەتەوە قـال الله تعالــى (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) [التوبة:60]

هەژار وکــەم درامەتەکان ئەوانەن کەهیچیان نیـە یان ئەوەی کەهەیانە بەشــی پێویستیەکانی ژیانیان ناکـات ئەو کـارمەندانەی زەکـات کۆئەکەنەوە وزەکات دابەش ئەکەن ئەوکـەسەی تازە بۆتە موسڵمـان یان کافرێـک نزیک بۆتەوە لەوەی ببێت بەموسڵمـان زەکات ـی پێ ئەدرێت تا دڵی ڕابکێشرێت بۆئیسـلام.

ئیمامی ابن قدامة فەرموویـەتی : (وَلا يُعْطَى الْكَافِرُ مِنْ الزَّكَاةِ إلا لِكَوْنِهِ مُؤَلَّفًا)[المغني" (4/108)] هیچ بەشــێ لەزەکات بە کافر نادرێت تەنها ئەوانەیان نەبێت کەدڵیان نەرم بۆتەوە بۆدڵ ڕاکێشانیان بـۆ بون بەموسڵمـان.

پاشــان زەکات ئەدرێت بۆ ئازادکردنی بەندەو ئەسیرەکان هەتا خۆیانی پێ ڕزگار بکەن و لەکۆیلایەتی ئازاد بن وە بۆ دانەوەی قەرزی قەرزارەکان وئە وکـەسەی کەوا موجاهیدە سنوورەکانی ئیسلام وموسڵمـانان ئەپارێزن وە بۆ ئەو رێبوارانەش کە لەرێگادا توێشوویان لێئەبرێ و ناگەنەوە جێگای خۆیان.

حوکمــی کەسێ چیە زەکات نەیـات ؟

کەسێک زەکـات نایـات سێ جۆرە

١- بـڕوای بەواجب بونی نەبێت کــافرە

٢- بڕوای بەواجب بونی هەبێت بەڵام شەڕبکات دژی گەورەی موسڵمـانان وئامادە نەبێت زەکات بـات کافرە

٣- بڕوای بەواجب بوونی هەبێت و شەڕ نەکات لەدژی ئیمامی موسڵمـانان بۆنەدانی زەکات بەڵام لەبەر ڕەزیلی نەیات ئەوا موسڵمـانێکی تاوانـبارە

ئیمام ـی احمد ئەفەرموێت : إذا منعوا الزكاة كما منعوا أبا بكر وقاتلوا عليها لم يورث ولم يصل عليه

ئەگـەر زەکات نەیات ومەنعـی زەکات بکات وەک چۆن زەکات نەدەرەکان زەکاتیان نەیا بە ئەبـوبکری صدیق وجەنگیان کرد لە پێناو نەدانی زەکات ئەوا میراثیان لێ ناگیرێت و نوێژیـان لەسەر ناکـرێت (واتا مورتەدە)

فإذا كان الرجل يمنع الزكاة يعنى من بخل أو تهاون ولم يقاتل ولم يحارب على المنع يورث ويصلى عليه

بەڵام گەر کـەسێ زەکات نەیا لەڕەزیل ـی یان کەمتەرخەم ـی وجەنگ وشەڕ نەکات لەسەر نەدان ـی ئەوە میراث ـی وەرئەگیرێت و نوێژی لەسەر ئەکرێت (واتا موسڵمـانە).

[مسائل ورسائل المرويه عن الامام احمد 522]

پێغەمبەر ﷺ لەبارەی سزای قیامەتی کەسی زەکات نەدەر فەرموویەتی : (إما إلى الجنة، وإما إلى النار)

یان بۆ بەهەشتە یان ئەچێتە دۆزەخ .

واتا لەژێر ویستی الله یە بیەوێ لێی خۆشەبێت وبشیەوێ لێی خۆشنابێت تاسزاکەی وەرئەگرێت کەواتا موسڵمانە چونکە بەهەشت ولێخۆشبون بۆکافرنیە

پرســـیار / ئایا ئاڵتونی جوانی ئافرەت زەکاتی لەسەرە ؟

خیلافی تێدایــە لەنێوان زانایان بەڵام وتەی دروست ئەوەیە بەڵێ واجبە بەبەڵـگەی فەرموودەی (مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ لَا يُؤَدِّي مَا فِيهَا إِلَّا جُعِلَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَفَائِحُ مِنْ نَارٍ يُكْوَى بِهَا..)

ابن حزم ئـەفەرموێـت : (فَوَجَبَتْ الزَّكَاةُ فِي كُلِّ ذَهَبٍ بِهَذَا النَّصِّ... فَلَمْ يَجُزْ تَخْصِيصُ شَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ بِغَيْرِ نَصٍّ وَلَا إِجْمَاعٍ)[المحلى بالآثار" [(4/191)

واتا : بەم فەرموودەیە زەکـات لەهەموو ئاڵتونێ واجب ئەبێت وە دروست نیە هیچ جۆرە ئاڵتونێکی لێ دەربکـرێت بەبێ بونی دەقێک یان بێ بونی ئیجماعێک.

ئایـا چۆن زەکـات دەربکەین ؟

گەر ئاڵتون یـان پارەکەت گەشتە سنوری نصـاب جا سنوری نصاب ـەکە بەئاڵتون ـی عەیار 24 دیاری بکەیـت یان بەزیو لەسەرەوە ڕێژەکەمان نوسیوە گەر گەشـتە ڕێژەی دیـاریکراو وسـاڵی بەسەر تێپەڕی بـوو ئەوا لە سەدا 2ونیـوو ئەیـەی واتـا بۆ هەر ملیـۆنێـک 25000 دیناری عێراق ـی.

زەکاتی سەرفترە لەسەر کێ واجبە ؟

ابن عمر ئەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ (فَرَضَ رَسُولُ اللَّه زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ ، أَوْ صَاعَاً مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ ، وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى ، وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ)[البخاري (1503)]

پێغەمبەر ﷺ زەکات ـی سەرفترەی فەرز کردووە بە بڕی صاع ـێک لە خورما یان صاعـێک لە جۆ لەسەر کەسی بەندە و ئازاد و نێر و مێ و بچووک و گەورەی موسوڵمانان.

ابن عباس دەفەرمووێت : (فَرَضَ رَسُولُ اللّه زَكَاةَ الْفِطْرِ طُهْرَةً لِلصَّائِمِ مِنَ اللَّغْوِ وَالرَّفَثِ وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِينِ)[أبـي داود وسنن ابن ماجه (1827)]

پێغەمبەر ﷺ زەکاتی سەرفترەی فەرز کردوا بۆ پاککردنەوەی کەسی ڕۆژووان لە قسە وکرداری خراپ و پوچ وە خواردنێشیکیشە بۆ هەژاران .

کەواتە سەرفیترە دەدرێت بەهەژاران و بەخواردن نەک بەپارە.

البهوتي الحنبلي لــە كشاف القناع ـدا دەفەرموێــت : (ولا يدفع الزكاة إلا لمن يظنه أهلا لأخذها لأن دفعها لغير أهلها لا يبرأ به، والعلم بذلك ربما يتعذر، فأقيم الظن مقامه)

زەكــات نادرێ تەنها بەو كەسانە نەبێت كەگومانی ئەوە ئەكرێت شايستەبـن بۆ وەرگرتنی چونكـە زەكات ـدان بەكەسێ شايستە نەبێت ئەوا واجب ـی زەكاتت لەسەر لاناچێت وە ناسينی كەسانی شايستە بۆپێدانی زەكات لەوانــەيە ئەستەم وقورس بێت بۆيە بەپێی گومان ـی زياتر (گەر گومان ـت زياتر بوو كەفلان كەس هەژارە ئەوا زەكاتی ئەيەيتێ بــا سەد لەسەديش دڵنيا نەبيت)

ئــايا سەرفيترە بــەچی دەردەكــرێت ؟ بەپارە يان خواردن ؟

أبو سعيد الـخدري ـدەيگێڕێتەوە : (كُنَّا نُخْرِجُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ يَوْمَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ طَعَامٍ ، وَكَانَ طَعَامَنَا الشَّعِيرُ وَالزَّبِيبُ وَالأَقِطُ وَالتَّمْرُ)

[البخاري (1510)]

واتا : ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ لە ڕۆژی جەژندا (پێش نوێژی جەژن) زەکات ی سەرفترەمان ئەیا بە صاعێک لە خواردن وە خواردنی ئێمە بریتی بوو لە جۆ و مێووژ و کەشک و خورما .

ئیمامی نەوەوی رحمە اللە دەفەرموێت : وتەی ڕاست و دروست بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە واجبە سەرفترە لە ئەو خواردنە بدرێت کە خواردنی زۆربەی خەڵکی شارەکەیە ئەمەش بۆچونی مالك ە مالکیشە

– ابو حنیفە دەڵێت : سەرپشکی بە ئارەزووی خۆتە (وتەیەکی هەڵەیە وکاری پێ ناکرێت)

– ئیمام احمد لەوتەیەکدا دەڵێت جگە لەو پێنج جۆر خواردنەی باسکراوە نابێت هیچ ی تر بدرێت (گەنم و خورما وجۆ و مێوژ وکەشک)[المجموع"(6/112)]

کەواتـا سەرفیترە بەخواردن دەرەکـرێ بەپێچەوانەی زەکات ـی ماڵ کەبەپارە دەرەکرێت بۆنمــونە تۆی باوکـــ ئەگەر برنجت بەخشی ئەوە بۆ هەر ئەندامێــکی خێزانەکەت دووکیلۆ ونیو برنج حساب ئەکەیت.

لەوانەیە بپرسن بڵێن ئایا باوکـ دەتوانێ لەبڕی ماڵ ومنداڵەکەی زەکاتی سەرفترەیان بۆبــات ؟

بەڵێ بۆی هەیە ابن عمر فەرموویەتی (أَمَرَ رَسُولُ اللَّه بِصَدَقَةِ الْفِطْرِ عَنِ الصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ وَالْحُرِّ وَالْعَبْدِ مِمَّنْ تَمُونُونَ)[سنن الدارقطني (2100)]

پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە زەکاتی سەرفیتـرە کردووە بە بچووکـ و گەورە و ئازاد و کۆیلە لەوانەی نەفـــەقەیان دەدەن . (کەواتــە باوکـ یا سەرۆکــ خێزان لەبڕی ماڵ ومنداڵەکەی زەکــاتی سەرفیترەی ئەوانیش ئەیــات)

چـــی کاتێ زەکاتـــی سەرفترە دەردەکـرێ ؟

لە ئێوارەێ شەوی جەژن واتـــا ئێوارەی کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان واجب ئەبێت سەرفیترە بـــدرێت تا پێش نوێژی جەژن

– ئیمام ـی مالک و ئەحمەد ئەفەرموون دروستە ڕۆژێ پێش جەژن یان دوو ڕۆژ پێش جەژن زەکات ـی سەرفترە بەیت

– بەڵام ئیمام ـی شافعی ئەفەرموێت هەرلەسەرەتای ڕەمەزان ـەوە جائیزە

– بـــەڵام وتەی دروست ئەوەیە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ پێش جەژن زەکاتی سەرفترە بەیت چونکە ئیمام ـی بخاری لە ابن عمر رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە فەرموویـەتی (وكانوا يعطون قبل الفطر بيوم أو يومين.) هـــاوەڵان ـی پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش جەژن زەکاتەکەیان ئەیـــا) بـــۆیە دروست نیە پێش ئەوە بدرێت.

ئــایا زەکاتی سەرفترە ئەدرێت بەکافرێکـی هەژار ؟

النووي رحمـه الله له المجموع ـدەفەرموێــت : (واختلفوا في زكاة الفطر فجوزها أبو حنيفة، وعن عمرو بن ميمون وعمر بن شرحبيل ومرة الهمذاني أنهم كانوا يعطون منها الرهبان، وقال مالك والليث وأحمد وأبو ثور: لا يعطون)

زانایان ڕاجیاوازن لەبارەی سەرفترە ـدان بەکـافر ابو حنیفە بە جائیزی داناوە لە عمرو بن میممون و عمر بن شرحبیل و مرە ـی همذانی یەوە هاتوە کــە سەرفترەیان یاوە بــە ڕاهیب (گاور) وە مالك و لیث و احمد و ابوثور وتویانە بەکافر نادرێت .

ابن قدامەی حەنبەلی ئەفەرموێت : هیچ شتێ لەزەکات نادرێت بەکافر تەنها ئەوکافرە نەبێت کەدڵی نەرم بۆتەوە بۆ بون بەموسڵمـان بەمەبەستی دڵ ڕاکێشان بەوجۆرە ئەدرێت.[المغني(4/108)]

ئایــا ئەومنداڵەی لەسکی دایکیدا واجبە ئەویش بژمێردرێت بۆ زەکات ـی سەرفترە؟

وەڵام / واجب نیـە بەڵام موستەحەب ـە أبی قلابة ئەفەرمویێت: (كان يعجبهم أن يعطوا زكاة الفطرة عن الصغير والكبير حتى عن الحمل في بطن أمه)[عبدالرزاق (5788)]

هاوەڵانـی پێغەمبەر ﷺ پێیان چاکبوە کەزەکاتی سەرفترە لەجیاتی گەورە وبچوک بەن تەنانەت ئەو کۆرپەلەیەش کەلەسـکی دایکیدایە .

ئایا باوکی کافر لەبڕی منداڵەکانی زەکات ـی سەرفترە بات لەسەر منداڵەکانی واجبەکە لائەچێت ؟

ڕاجیاوازی لەسەر بەشـێ لەزانایان فەرموویانە لەفەرموودەکـەیا هاتوە (وهي واجبة على كل مسلم)[مفهوم قوله على كل مسلم أنها لا تجب على غيره وهو صحيح]... واتا : واجبە لەسەر هەموو موسڵمـانێک

مەفهوم ــی فەرموودەکە لەسەر هەموو موسڵمانێـک واجبە مانای ئەوەیـە واجب نیە لەسەر کەسێ موسڵمـان نەبێت ئەمەش وتەی دروستە

لا تجب على كافر لعبده المسلم , وهو صحيح، وهو المذهب وعليه أكثر الأصحاب.

— زەکات ــی سەرفترەی کافر بۆ بەندە موسڵمانەکەی واجب نیە ئەمەش ڕاستە و بۆچونی هاوەڵان ــی مەزهەبەکەمانە ...

وكذا حكم كل كافر لزمته نفقة مسلم في فطرته الخلاف المتقدم

— بەهەمان شـێوە حوکمـی هەموو کافرێک کەبژێوی موسـڵمانێکی لەسەربێت سەبارەت بەسەرفترەکەی ئەوڕاجیاوازیە هەیە کەباسکرا .

["الإنصاف" (3/ 164)]

ابن قدامة رحمه الله ئەفەرمویت : (فإن كان لكافر عبد مسلم، وهَلَّ هلال شوال وهو في ملكه؛ فحُكي عن أحمد أن على الكافر إخراج صدقة الفطر عنه. واختاره القاضي. وقال ابن عقيل: يحتمل أن لا تجب. وهذا قول أكثرهم)["المغني" (3/ 80)]

ئەگەر کافرێک بـەندەیەکی موسڵمان ـی هەبێت و مانگی شەوال هەڵبێت (شەوی جەژن) وبەندەکەش لەژێر دەست ـی ئەوکافرە بێت لە ئیمام ئەحمـەد گێڕدراوەتەوە فەرموویـەتی لەسەر کافرەکە پێویستە زەکات ـی سەرفترەکەی بۆبات قاضی ـش ئەم بۆچونەی هەڵبژاردووە ابن عقیل فەرموویـەتی ئەگەری هەیە واجب نەبێت وەئەمەش وتەی زۆربەی زاناکانە.

لە لمبدع هـاتوە (فخرج الكافر مطلقا لأن من شرطها النية ولا تصح منه) کـافر لەم بابەتە بەڕەهای دەرئەکـرێت چونکە مەرج ـی ئەم عیبادەتە نیەتە و نیەتیش لەکافر دروست نیە .

کەواتـا وتەی ڕاست ئەوەیە زەکات ـی سەرفترەی باوکی کافر لەبڕی منداڵەکانی لەسـەر ماڵ ومنداڵەکەی لاناچێت چونکە ئەم عیبادەتە تایبەتە بەموسـڵمانان ونیەت ـی پێویستە وەک **ابن عمر** فەرمووی (پێغەمبەر ﷺ زەکات ـی سەرفترەی فەرز کردووە ... لەسەر کەسـی بەندە و ئازاد و نێر و مێ و بچووک و گەورەی موسوڵمانان) کەواتـا سەرفترەی کافر لەبڕی موسـڵمان واجبە کە لەسەر موسڵمـان لانایات.

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ

جيل التمكين ٢
EMPOWERMENT GENERATION
WEST AFRICA